# شاندێکی پارتی یەکێتی کورد سەردانی مەکتەبی سیاسی دەکات



کاتژمێر ١٣ی ڕۆژی ١١-٣-٢٠١٠ شاندێکی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانی کردو لەلایەن هەڤاڵان ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، مامۆستا محەمەد دۆسکی و کارزان شێخ محەمەد جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی و جیهاد عەبدوڵڵا بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکدا شاندی میوان باسیان لە پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرد کە نۆ لایەنی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان بەمەبەستی کاری هاوبەش و هاوهەنگی دروستیان کردوە. شاندی میوان ئاماژەیان بەوەکرد کە یەکەمین کاری هاوبەشی ئەو ئەنجوومەنە سازدانی ڕێپێوانێکی هێمانەبووە کە ڕۆژی ١١-٣-٢٠١٠ بەبۆنەی شەشەمینساڵیادی ڕاپەڕینی شاری قامیشلۆ لە شاری هەولێر لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجام دراوە.

لەلایەن خۆشیانەوە هەڤاڵانی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان بە بایەخەوە لە پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنیان ڕوانی و بە کارێکی ئەرێنی و پێویستیان داناو هیوایان خواست لە کارەکانی خۆیدا سەرکەوتووبێ و بتوانی نوێنەرایەتی ڕۆژئاوای کوردستان بکات.

هەروەها لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی باشوری کوردستان کراو پێوەندی نێوان پارتی یەکێتی و حزبی رزگاری جەختی لەسەر کرایەوە.

# شاندێکی حزبی رزگاری لەگەڵ کاک عومەر فەتاح کۆدەبێتەوە



کاتژمێر ١١ی ڕۆژی ٣-٣-٢٠١٠ شاندێکی سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، حەکیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن و ڤیان ڕۆستەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کارۆخ عوسمان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و کارزان شێخ محەمەد جێگری کۆمیتەی ناوەندی، لە شاری سلێمانی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێز کاک عومەر فەتاح ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی دۆستانەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و ڕەوشی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق کرا، لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە پەیوەندی نێوان حزبی رزگاری و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کراو جەخت لەسەر بەهێزکردنی کرایەوە.

هەروەها سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ کوردستانیان بە گوڕوتینێکی زۆرەوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

# کورد لە کەرکوک سەردەکەوێ و داهاتووی شارەکەش مسۆگەر دەبێ

دوای ئاشکرابوونی بەشێک لە ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک، دەرکەوت کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پارێزگای کەرکوک سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، بەوهۆیەوە داهاتووی کەرکوک مسۆگەرتر دەبێ، لەو پێوەندەدا بەڕێز نەجمەدین کەریم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پارێزگای کەرکوک پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ خەڵکی پارێزگای کەرکوک نارد، کە تێیدا هاتووە: 'بەبۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەو بەشداریە فراوانەی دەنگدەرانی شاری کەرکوک لە پرۆسەکە و بەخشینی زۆرینەی متمانەی خۆیان بە کاندیداکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بەگەرمی پیرۆزبایی و سوپاسگوزاری خۆم وەک سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکەرکوک، ئاڕاستەی سەرجەم گەلانی عێراق بەگشتی و کوردستان و شاری کەرکوک بەتایبەتی دەکەم بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، کە بەپەرۆشی و بەوپەڕی هەستکردن بە ئەرکی نیشتمانیی و نەتەوەییەوە جارێکی تر سەلماندیان کە کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانی تر کوردستانیە، ڕۆحی شەهیدانیان ئارام کرد بەوەی خوێنی پاکیان بەهەدەرنەچووە کە لەپێناو ئازادی خاکی کوردستان و سەربەستی گەلەکەیان ڕژاندیان'

بێگومان سەرکەوتنی کورد لە پارێزگای کەرکوک لایەنە ڕەگەزپەرستەکانی نیگەران و هەراسان کردوە، لیستی ئەلعێراقیە وێڕای ئەوەی کە دەنگی زۆری هێناوە و بە ساختەکردنی دەنگەکانیش تۆمەتبار دەکرێ، کەچی نیگەرانی خۆی نەشاردۆتەوەو پێیوایە کە ئیدی کەرکوک لەدەست عەرەب دەردەچێ و بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

لە پێوەند بە زۆربوونی ژمارەی پەرلەمانتارە کوردەکانی پارێزگای کەرکوک، چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئیدی عەرەب و تورکمان هیچ پاساوێکیان بۆ نامێنێتەوە، چونکە دانیشتووانی کەرکوک بە دەنگدان کوردستانی بوونی خۆیان سەلماندو ناسنامەی خۆیان پێشانی عێراقیەکان و جیهانیاندا.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە دەبێ ئەمجارە کورد پەلە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووردا بکات، هەرچەندە کە هەندێک لە هێزە سیاسیەکانی عێراق ئەو ماددەیە بە مردوو ناو دەبەن، بەڵام کەرکوکیەکان پێیانوایە کە دەبێ داهاتووی شارەکەیان مسۆگەر بکرێ و کار بۆ گێڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکرێ.

لەو بارەیەوە مەحموود عوسمان پەرلەمانتاری سەربەخۆی لیستی هاوپەیمانی بە مێدیاکانی گوتوە 'هاوپەیمانیەتییەکانی رابردووی کورد زۆر لاواز بوون، بەڵام ئەمجارەیان زۆر گەشبینم بەوەی مادەی ١٤٠ و کێشەی ناوچە کێشەدارەکان گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ، چونکە کورد مەرجی سەرەکیی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی و حکوومەتی داهاتووی عێراق جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پرسی کەرکووک دەبێ'

# هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سەردانی بەڕێز جەمال مورتکە دەکات



کاتژمێر١١ی ڕۆژی ١٣-٣-٢٠١٠ هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری یاری ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کارزان شێخ محەمەد جێگری کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بەڕێز مامۆستا جەمال مورتکە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کرد لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری هەولێر.

لە دیدارێکدا وێڕای ئەوەی باس لە ڕەوشی هەنووکەیی و ئاکامەکانی هەڵبژاردن کرا، بەشێک لە ڕووداوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی وەبیرهێنرایەوە. هەروەها مامۆستا جەمال مورتکە سێ بەرگ لە کتێبی 'چیا خۆی دەنووسێتەوە' پێشکەش بە شاندی میوان کرد.

جێی ئاماژەیە کتێبی 'چیا خۆی دەنووسێتەوە' لەلایەن کاک جەمال مورتکەوە نووسراوەو باس لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتی ساڵانی بەر لە ڕاپەڕین دەکات. تا ئێستا ٣ بەرگی لەو کتێبەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، بەنیازە لە داهاتووشدا چەند بەرگی دیکەش بنووسێتەوەو چاپیان بکات.

# کوردانی ڕۆژئاوا بە شێوازی جۆراوجۆر یادی ڕاپەڕینی قامیشلی دەکەنەوە

ئەمساڵ لە پێوەند بە ١٢ی ئادار، شەشەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی شاری قامیشلی، کوردانی ڕۆژئاوای دانیشتووی وڵاتانی جیهان بە شێوازی جۆراوجۆرەوە هەستی خۆیان دەربڕی و یادی ئەو ڕاپەڕینە مێژوویەیان کردەوەو ڕێزیان لە شەهیدان گرت.

کاتژمێر ١٠.٣٠ی ڕۆژی ١١-٣-٢٠١٠ بە دەستپێشخەری نوێنەرانی چەندین لایەنی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان، لە شاری هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستاندا ڕێپێوانێکی هێمنانە بۆ بەردەم بارەگەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێکخرا، کە زیاتر لە ٦٠٠ کەس تێیدا بەشداریان کردبوو.

لیژنەی ڕێکخەری ڕێپێوانی ئاشتیانە لە دەروازەی شارۆچکەی عەنکاوە کۆبوونەوە، ئەوسا لەوێوە بەرەو بەردەم بارەگەی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕۆیشتن. لەوێ یاداشتنامەیەکی پێنج خاڵیان پێشکەش بەنوێنەری یوئێن کرد، کە تێیدا داوای دادگەیی کردنی ڕژێمی سوریا کراوە لە پێوەند بە کوشتاری کوردانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژی ١٢-٣-٢٠٠٤، هەروەها داوا لە بان کی مۆن کراوە تا هەوڵی خۆی دەکار بکات تا زیندانی سیاسی لە گرتووخانەکانی سوریا ئازاد بکرێن. هەر ڕۆژی ١١ی ئازار نزیکەی ١٥٠ کوردستانی لە بەردەم بارەگەی سەرەکی نەتەوەیەکگرتوەکان لە شاری ژنێڤی وڵاتی سویسرا کۆبوونەوەو ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدانی قامیشلییان بەرزکردەوە، نزیکەی سەعات و نیوێک لە وێ مانەوە،دواتر بەرەو کونسولگەری سوریە لە ژنێف بەرێ کەوتن و ڕژێمی سوریایان ریسوا کرد.هەروەها کاتژمێر ١٧ی ڕۆژی ١٢ی ئادار، لە بەردەم باڵەخانەی پارلەمانی هۆڵەندا و بە بەشداری ژمارەیکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتووی هۆڵەندا،یادی شەهیدانی قامشلی کرایەوە. سەرەتا ٢ خولەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان ڕاگەیەندرا، دواتر وتاری یادەکە خوێنرایەوەو مۆمی ڕێزگرتن لە شەهیدان داگیرسا، لە کۆتاییدا بە ئاواز و سرودی نیشتمانی کۆتایی بە مەراسیمەکە هێنرا و گوڵ لەسەر وێنەی شەهیدان دانرا.



لەلایەکی دیکەشەوە هەر لە پێوەند بەشەشەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی قامیشلی لە چەندین شاری ئەڵمانیا و سوید ڕێپێوان کرا، چەندین کەناڵی ئاسمانی بەرنامەی تایبەتیان بەوبۆنەیە پێشکەش کرد.